روونکردنەوەیەک بۆ رای گشتی و هەڤاڵانی حزبی رزگاریی کوردستان

رۆژی ٢٨-٦-٢٠٠٨ بەیانۆکەیەک بەناوی راگەیاندراوی کۆتایی کۆنفرانسی حزبی رزگاریی کوردستان بڵاکراوەتەوە، لێرەدا من وەک سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان روونی دەکەمەوە کە :

١- ئەوەی ناوی نراوە کۆنفرانس بەهیچ شێوەیەک کۆنفرانس نەبووە، چونکە کادیرە ئەساسیەکانی حزب بە تایبەتیش ئەوانەی لەیەکەمین رۆژی راگەیاندنی حزب لە ١٥-٨-١٩٩٣ بەشداریان کردبوو، بانگ نەکرابوون، هەروەها ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی حزب بانگ نەکرابوون، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر کەمیش لە ئەندامانی دووەمین کۆنگرە بە بیانۆی ئەوەی کە مووچە دەدرێ بۆ بارەگا بانگ کرابوون و باسی کۆنفرانسیان لەگەڵ دا نەکرابوو.

٢- رۆژی پێنج شەممە ٢٦-٦-٢٠٠٨ من بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ هەڤاڵ هۆشیارو هەڤاڵ فەهمی کردووە کە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین، بەڵام لە دوورو نزیکەوە باسی بەستی کۆنفرانس و کۆبوونەوەیان نەکردووە.

٣- رۆژی هەینی ٢٧-٦-٢٠٠٨ چەند هەڤاڵێک لە ریگەی تەلەفۆنەوە پێیانڕاگەیاندم کە بانگ کراون بچن بۆ سلێمانی بۆ وەرگرتنی مووچە، منیش لام سەیربوو لەو کاتەدا کە بەهۆی ئەوەی مەکتەبی عیلاقاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ماوەی دە مانگ دەبێ بودجەی حزبی رزگاریی کوردستانی راگرتووەو دووچاری تەنگژەی دارایی هاتووین، چۆن کادیر بانگی بارەگا دەکرێ، بۆیە بەپەلە تەلەفۆن بۆ هەڤاڵ فەهمی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کردو سەبارەت بەو بانگ کردنە پرسیارم کرد، ئەو راگەیاند کە سیناریۆیێکی ترسناک هەیە، من نازانم بەڵام دواتر لە ئاکامی ئاگادارت دەکەمەوە. ئەو نیگەرانی خۆی پێشانداو رایگەیاند کە هەست بە باندبازی و دەستتێوەردانی دەرەکی دەکات. من پێمگوت کە پێویست ناکات کۆبوونەوە بکرێ، چونکە لە چەند رۆژی داهاتوودا من لە کوردستانم، ئەو کات ئەگەر پێویستی کرد کۆدەبینەوە. ئەویش بەڵێنی دا کە هەڤاڵان ئاگادار دەکاتەوە تەلەفۆنیان بۆ دەکات تا نەیەن.

٤- هەر هەمان رۆژ واتە ٢٧-٦-٢٠٠٨ من تەلەفۆنم بۆ مامۆستا نەوزاد بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگاری کەرکوک کردووەو ئەویش بێ ئاگایی خۆی لە کۆبوونەوە پێشان داوەو نکۆڵی لەوە کردووە کە بانگ کرابێت، من پێمگوت با تەلەفۆن بۆ هەڤاڵ هۆشیار بکات و پرسیاری لێبکات، لەگەڵ ئەویش دووپاتم کردۆتەوە کەمن لەم رۆژانە دێمەوە کوردستان و لە نزیکەوە سەبارەت بە تەنگژەی دارایی قسە دەکەین.

٤- رۆژی شەممە ٢٠٠٨/٦/٢٨ هەندێک کادیری حزب بە بیانۆی پێدانی مووچە بانگی بارەگا کراون، دواتر نزیکەی ٤٣ کەس لە ژوورێکدا کۆ کراونەتەوە، ئەوسا هەڤاڵ هۆشیار دەستپێکی کۆبوونەوەکەی بە مژدانەی گەڕانەوەی بودجە کردۆتەوە و راگەیاندوە کە عیلاقاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بودجەکەی بۆ گەڕاندووینەتەوەو بەڵێنیان داوە زیادیشی بکەن. دواتر لە چەند خولەکێکدا چەند قسەیەک کراوەو بەبەرچاوی ئامادەبوانەوە هەڤاڵ هۆشیار تەلەفۆنی بۆ کەسانی نەناسراو کردووە، ئەوسا ئەو بەیانۆکەیان بۆ هێناون و بەسەر ئامادەبووان دابەشی کردووەو پارەی پێداون و راسپاردراون تا کۆپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

٥- رۆژی شەممە ٢٨-٦-٢٠٠٨ تەلەفۆنم بۆ هەڤاڵ هۆشیار کردو پرسیاری ئەوەم لێکرد کە بۆچی هەندێک هەڤاڵتان بانگی بارەگا کردووە، ئەو رایگەیاند کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە پێیراگەیاندراوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی رزگاریی کوردستانی داوە و لە مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٩ یەکلایی دەکرێتەوە، من باوەڕم بەو قسە نەبووەو پێمگوتووە کە ئێمە خۆمان رزگاریمان راگەیاندووەو خۆشمان دەتوانین هەڵیوەشێنینەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو هەڵوێستەی بەرانبەر بە حزبی رزگاریی کوردستان هەبێ، ئەوان دەتوانن کە هاوکاریمان نەکەن و بەس، بەڵام ئەو دووپاتی کردوە کە لەبەرژەوەندی رزگاری ئەم کارە کراوەو مەبەستیش رزگارکردنی حزبی رزگاریی کوردستانە!! تەنانەت نەیگوت کە عیلاقاتی یەکێتیی بڕیاری گەڕاندنەوەی بودجەکەی داوە، بەڵام لە ریگەی ئەوانەی بۆ بارەگا بانگکرابوون پێمراگەیاندرابوو کە هەڤاڵ هۆشیار مژدەی گەڕانەوەی بودجەی داوە! بۆیە لە هەڤاڵ هۆشیارم پرسی ئەی باشە بۆ ناڵێی بودجەدکەمان بەسەر یەکەوە وەرگرتۆتەوە؟! ئیدی ناچار رایگەیاند کە عیلاقات و شەخسی کاک کوردۆ بەڵێنیان داوە بودجەکەمان بۆ بگێڕنەوەو بۆشمان زیاد بکەن، بەو مەرجانەی لە بەیانەکەدا نووسراون. منیش پێگوت: ئەگەر پارەتان وەرنەگرتووە ئەی بۆچی کادیرتان بانگکردووەو چۆن مەسەرەفی هاتن و چوونی ئەوانتان داوە؟!

٦- هەر رۆژی شەممە ٢٨-٦-٢٠٠٨ جارێکی دیکە تەلەفۆنم بۆ مامۆستا نەوزاد کردەوە، ئەو رایگەیاند من لەسەر داوای هەڤاڵ هۆشیار چوومەتە بارەگا، بەڵام کاتێ چووم سەرم سوڕما، نەمزانی ئەو کادیرانە بۆ کۆکراونەتەوە، هەندێک هاتبوون قەت من ئەوانم نەدەناسی، بەڵام شتێک کراوە، ئەگەر خۆشیش نەبووبێ، هیوادارم لەبەرژەوەندی رزگاری دابێت، بڕیارەکان دێنە بەردەستی بەریزتان و دڵنیام کە پێی رازی دەبن.

٧- رۆژی ٢٩-٦-٢٠٠٨ جارێکی دیکە تەلەفۆنم بۆ هەڤاڵان فەهمی و هۆشیار کردەوە، ئەوکات هۆشیار خاڵەکانی بەیانۆکەکەی بۆ خوێندمەوەو داوای لێکردم کە رای خۆم بدەم، من راشکاوانە پێمگوت کە ئەمە کۆدێتایەو لەسەر حزب کراوە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی حزب من دەنگ ناکەم، بەمەرجێ ئێوەش بەردێکی لەسەر دابنێن تا خۆم دێمەوە. هەر ئەو رۆژە چەندین رۆژنامەو ماڵپەڕی ئینتەرنێتی پەیوەندیان پێوەکردم و داوایان کرد رای خۆم بدەم، چونکە ئەوان دەیانزانی کە بەبێ ئاگاداری سکرتێر کارەکە کراوە، بەڵام من خۆم بواردو ئاماژەم بە شتەکان نەدا.

من وەک سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان کە شەرەفی راگەیاندنی حزبم لە ١٥-٨-١٩٩٣ هەبووەو لە هەردوو کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستاندا بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرام، نا رەوایەتی ئەو شتەی ناوی نراوە کۆنفرانس بە هەموو لایەک رادەگەیەنم و روونی دەکەمەوە کە ئەمە کۆدێتایێکی ئاشکرایەو بە دەستی چەند کەسێک ئەنجام دراوە و بە توندی رەتی دەکەمەوە.

راستیەکەی هەموو لایەک دەزانن کە کۆنفرانس بە بێ ئاگاداری سکرتێرو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی نابەسترێ، تەنانەت پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی حزبی رزگاریی کوردستانە، چونکە لە پەیڕەوی ناوەخۆدا سەبارەت بە کۆنفرانس هاتووە:

١- لە کاتی گۆرانکاری و رووداوێکی چارەنووسساز و لەسەر داوای ٣/٢ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێکدێ.

٢- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان بەشداری تێدا دەکەن.

٣- هەموو دەستەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە , جگە لە ناوگۆڕین و هەڵوەشانەوەی حزب.

٤- دەتوانێ بۆشایی کۆمیتەی ناوەندی پڕ بکاتەوە , ئەگەر پێویستی کرد دەتوانێ ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زیاد بکات .

٥- دەتوانێ بریار لە یەکبوون لەگەڵ لایەنێکی دیکە دا بدات .

لێرەدا لەژێر رۆشنایی پەیڕەوی ناوەخۆی حزبی رزگاریی کوردستاندا دەردەکەوێ کە ئەمە جگە لە کۆدێتا هیچ شتێکی دیکە نیە، چونکە هیچ گۆڕانکاری و رووداوێکی چارەنووسساز رووی نەداوە، هەروەها ٣/٢ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوایان نەکردووە، بە تایبەتیش لانی کەم سکرتێرو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، واتە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی سەکردایەتی ئاگایان لێنەبووە.

من وەک سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان لەبەر بەرژەوەندی حزب تا ئەمڕۆ هیچ لێدوانێکم نەداو رامگەیاند کە لە نزیکترین دەرفەتدا کۆدەبینەوەو ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین، بەڵام ئەوانە چونکە بە ویستی کەسانی دیکە کۆدێتایان کردووە و بەڵێنیان پێدراوە کە هاوکاری دەکرێن، بەپەلە ئەندامبوونی حزبی رزگاریی کوردستانیان لەو بەرەیە راگەیاند کە رۆژێک لە رۆژان لەبەرنامەی رزگاری دانەبووە کاری هاوبەش لەگەڵ ئەندامانی ناو ئەو بەرەیەدا بکات،چونکە:

١- حزبی رزگاریی کوردستان هیچ چەشنە پێوەندی و یەکترناسینێکی لەگەڵ پارتی پێشکەوتخوازی دیموکراتی کوردستان دا نەبووە، ئەی چۆن دەکرێ ئاوا بە خێرایی لە شەو رۆژێکدا بەرەیان لەگەڵدا دروست بکرێ.

٢- حزبی رزگاریی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی رزگاری کوردستان بە فۆتۆکۆپی و نارەوا دەزانێ کە لە دژی حزبی رزگاریی کوردستاندا قوتکراوەتەوە، تەنانەت تاکە کەسەکەی ئەو بەناو بزووتنەوەیە بکوژی فەرماندەیەکی حزبی رزگاریی کوردستانەو تا ئێستا کێشەکە یەکلایی نەبۆتەوە، هەرچەندە دەیانجار داوای سولحی کردووەو ئامادەیی خۆی راگەیاندووە.

٣- حزبی رزگاریی کوردستان پێشتر لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان لەبەرەی گۆڕان دابوو، بەڵام بەهۆی ئەو کەرتبوونەی بەسەر بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان داهات، ئەو باڵەی ئێستا لە بەرەی کاری هاوبەشدایە خۆی لەبەرەی گۆڕان کشاندەوە، بەوهۆیەوە ناکری بەرە لەگەڵ لایەنێک دروست بکرێ کە پێشتر لەکاری هاوبەش لەگەڵ حزب کشاوەتەوە.

٤- حزبی رزگاریی کوردستان پێشتر پێوەندی باشی لەگەڵ پارتی نەتەوەیی کوردستاندا هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پارتی نەتەوەیی ئامادە نەبوو کە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن هەڵبژێرێ ئیدی پێوەندی نێوان حزبی رزگاریی و پارتی نەتەوەیی بەرەو ساردی رۆیشت و هیچ شتێک بەناوی پێوەندی نەمایەوە.

لەکۆتاییدا داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ریگە نەدات لە سیستەمی دیموکرسیدا کۆدێتا بکرێ، هەروەها داوا لە دادگەی کوردستان دەکەم کە کۆدێتاچیان دادگەیی بکات و سزایان بدات.

رێکار ئەحمەد

سکرتێری گشتی

حزبی رزگاریی کوردستان

٤-٧-٢٠٠٨

بۆش لە ئەوروپا

رۆژی دووشەممە ٢٠٠٨/٦/١٦ سەرۆک بۆش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لە بەرامبەر هەڵوێستەکانی بەریتانیا بۆ توندکردنی سزاکانی سەر ئێران و هەروەها ناردنی لەشکری زیاتر بۆ ئەفغانستان بۆ بەگژاچونەوەی یاخیبووەکانی تاڵیبان و ئەلقاعیدە.

گۆردۆن براون سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گوتی "ئاستەنگەکانی سوپای بەریتانیا دەگاتە بەرزترین ئاست لە ئەفغانستان .هاوکات ئاماژە بەمانەوەی هێزەکانی بەرتیانیا لە عێراقدا".

لە وتەکەیدا گۆردن براون رایگەیاند سامان و دارای گەورەترین بانکی ئێرانی بلۆک دەکات.سەرجەم وولاتانی ئەوروپا ئامادەن سزاکانی سەر ئێران زیاتر بکەن ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لەسەر بەرهەمهێنانی چالاکی وزەی ناوەکی.

رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٨ سەۆک بۆش لە وتەیەکیدا بۆ رێکخراوی هاوکاری ئابوری و گەشەسەندن لە پاریس ئاماژە بەهەبوونی هەرەشەی تیرۆرستی کرد لە ئێستادا.بۆیە پێویستە ئەمەریکا و ئەوروپا جەخت لەسەر ئامرازەکانی گەشەکردنی دارایی و جێ بەجێ کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان و زیادکردنی کاری دیبلۆماسی بکەنەوە.وە کاتێ پێویستیت بوو،هێزی سەربازی ئامادەبکرێ بۆ نەهێشتنی شەبەکەکانی تیرۆرستان و وەدەرنانیان لە حەشارگەکانیاندا.هەموو ئەم پێوەرانە تەنگەژەن بۆ سەرکەوتن بەسەر تیرۆرستاندا.بەڵام سەرۆک بۆش رایگەیاند تەنها رێگە بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیرەوکارە رادیکاڵەکانی ئیسلام سەرکەوتنە بەسەر فکرەکەیاندا،بۆیە مەبەستی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەمان بریتیە لە هێنانەوەی خۆشبەختی و خەونە ئەفسوناویەکانی ئازادی و عەدالەت و خۆشی و لێبوردەیی بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا.

سەرۆک بۆش وتی"پێویستە ئەمەریکا و ئەوروپا لەگەڵ دیموکراسی بن و سوربن لەسەر دژایەتی کردنی قاعیدە و تاڵیبان لە ئەفغانستاندا.وە پێویستە هەرگیز ئەفغانستان دووبارە نەکرێتە شوێنی سەلامەتی بۆ تیرۆرستان.وە هەروەها ئاماژەی بەترسناکی تیرۆرستانی حیزبوڵا دا لە لوبنان و کەلەلایەن ئێران و سوریاوە پشتگیری دەکرێت.وە ئێتساش کاتێکی گونجاوە و لەبارە بۆ چارەسەرکردنی دیموکراسی هەردوولا بەپشت بەستن بەئاشتی هەمیشی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا.هەروەها پێویستە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق بەردەوام بن لە هەڵویست وەرگرتن لەگەڵ عێراقیەکاندا لە ململانێیان بۆ بنیاتنانی سەقامگیری و دیمکراسی وولات".

سەرۆک بۆش ئاماژە بەوەشدا لە راستیدا هیچ یەکێک لەم ئامانجانە ئاسان نین."چرکەکانی ئەمڕۆی بارودۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وەک بارودۆخی ناوەراستی سەدەی رابردووی ئەوروپا سەیر دەکرێ".لە کۆتایی وتەکەیدا رایگەیاند"هێشتا باوەڕمان بۆخۆمان هەیە کە ئازادی و یەکسانی دووبارە بڵاودەبێتەوە و پەرەبستێنێ.وە دەبێت هەمووان باوەرمان بەخۆمان هەبێت لە بەرئەوەی ژن و پیاو سورن لەسەر ئازادی و رزگاری خوازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەک ئەوەی ئەوروپیەکان کردیان لە سەدەکانی رابردوودا".

وەرگێڕانی: دارا کێلێی

سەرچاوە:voa news

ئەوانەی لە کۆدێتاکردندا لاسایی سەدام و حزبی بەعس دەکەنەوە

هەموومان دەزانین کە سەدام حوسێن، دیکتاتۆری پێشووی عێراق کاتێک پەلاماری کوێتی داو داگیری کرد،کەوتە بانگەشەی ئەوەی کە گوایە شۆڕشگێڕان شۆڕشیان دژ بە میرەکانی کوێت کردووەو وڵاتیان لەدەست رزگار کردوون!! دواتر کە زانی کەس بەو سیناریۆیە باوەڕ ناکات، هەڵسا کەسێکی بەناوی عەلا هێناو کردی بە سەرۆکی کوێت و سیناریۆی یەکگرتنی لەگەڵ عێراقی پێ تێپەڕکردو کردی بە جێگری سەرکۆماری عێراق، ئیستاش هەندێ کەس بە پشتیوانی دەستڕۆیشتووانەوە دەیانەوێ هەمان سیناریۆ لەسەر حزبی رزگاریی کوردستان تێپەڕ بکەن، سەرەتا بودجەیان بڕی، دواتر کە زانرا لە رووی یاساییەوە دەکەوێتە خانەی دەستبەسەرداگرتنی بودجە ئیتر هاتن کەسانێکیان دەستەمۆکردو سیناریۆی کۆنفرانسیان هێنایە گۆڕێ، ئەو ئاواتەیان پێ هێنایە جێ کە لەبەرەی گۆڕان بکشێنەوەو دواتریش بچن بۆ ناو ئەو بەرەی کە هەموومان دەزانین کێ و بۆ چ مەبەستێک دروستی کردووە.

ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا هەرگیزاو هەرگیز ئامادەنابین کە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆمان بە سامان و دەستکەوت و بودجە بگۆڕینەوە، ئەوانەی کە ئێستاش ئەو کارە دەکەن جگە لە ریسوایی هیچ شتێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

نەفرەت لە هەڵوێست فرۆشان و پیلانگێڕان

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی

ماڵپەڕی رزگاری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com